## نووسەرێک بۆ هەمیشەی هەورامان

هۆمەر نۆریاویی

### دەستپێک:

دوابەدوای ئەو ڕەوشە تایبەتەی بۆ کوردی باشوور لە سەردەمی دەسەڵاتی سەددامدا خاسما لە ساڵی ١٩٩١بەملاوە دێتە ئاراوە، بەدەیان نووسەر و ڕووناکبیری باشوور ،ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران دەنێن. هەر کامە لەم کەسایەتییە زانستیی و چاندییانە دواتر بۆ ڕۆژهەڵات دەبنە سەرچاوەی خزمەت و تەکانێک بە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی لە ڕۆژهەڵات دەدەن. دوکتۆر "حەمەدەمین هەورامانی" یەکێکە لەو کەسایەتییە زانستییانەی باشوور کە لە ڕۆژهەڵات خاسما لە باژارەکانی پاوە ، سنە و مەریوان دەبێتە دنەدەری زۆر نووسەر و ڕووناکبیر بۆ ئاوڕدانەوەی زێتر لە زمان و چاندی کوردی و بۆ خۆیشی یارمەتی زۆر کەسان دەدات و بە گەشت و گەڕانێکی فرە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەت هەورامان، گەلێک بەڵگەنامە و بەرهەمی دەستنووسی گرانبایی لەسەر دیرۆک و زمان و تورەی کوردی دەست دەکەوێت و دواتر هەر بە پاڵپشتیی ئەم سامانە زەنگینە،چەندان بەرهەمی لێکۆڵینەوەیی ناوازە بە کتێبخانەی کوردی دەبەخشێت. مێژووی هەورامان، لە دوو بەرگدا، فەرهەنگی ئاریانڤاچ، لە سێ بەرگدا و گوڵزاری هەورامان(دوو بەرگی لە چاپ دراوە)، نموونە هەرە گەشەکان لەو بوارەدا دێنە ئەژمار.

### حەمەدەمین هەورامانی لە یادگەی مندا

یەکەمین دیدار و ئاشنابوونم لەگەڵ ئەم کەسایەتییە سیما گەشە دەگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکانی زایینی بەملاوە کە خوێندنی زانستگەم کۆتایی پێ هێنابوو و تازە ڕێم کەوتبووە نێو ڕادیۆ کوردیی تاران. ئیدی لەو دەمە بەدواوە لە هەر سەردانێکی مامۆستا بۆ تاران یانژی گەڕانەوەی من بۆ هەورامان،ناو بە ناو چاومان بە یەکتر دەکەوت. چەند جارێک لە پاوە و گوندی خانەگا پێکەوە لەسەر تورە و ئەدەبی کوردی و دۆخی چاندیی کوردستان دەکەوتینە قسە و باس. دواتر کە مامۆستا سەری تارانی دەدا ،چەند جاری دیکە لە چاپخانەیەکی گۆڕەپان و مەیدانی "ئینقلاب"دا بەدەم چاخواردنەوە قسەمان لەسەر زۆر پرس دەکرد. بەردەوام سەری ماڵی مامۆستا محەممەدساڵح ئیبراهیمی "شەپۆل"ی دەدا و زۆر جاریش لەبەر خاکەڕابوونی ئەو مرۆ نازەنینە و ماڵباتەکەی،هەر لە ماڵەکەی ئەودا دەمایەوە و شەپۆل نەیدەهێشت ڕوو لە ئۆتێل بنێت.

پێش ئەوەی خودی خۆی(حەمەدەمین هەورامانی) لە نزیکەوە ببینم،لە ڕێی کتێبێکی ئەم نووسەر و توێژەرە کوردەوە،ئاشنا بە پێنووسەکەی بوو بووم.ئەو کتێبەکەیش دیوانی "میرزا ئەولقادر پاوەیی"،شاعیری ناسراوی کورد بوو کە مامۆستا حەمەدەمین هەورامانی لێکدانەوە و ڕاڤەی هۆنراوەکانی کردبوو و ساڵی ١٩٨٤ لە بەغا لە چاپی دابوو. هەر لە ڕێی پێنووسە جوانەکەی ئەم نووسەر و توێژەرەوە، پتر شەیدای هۆنراوە و هزرینی ئەدەبیی میرزا ئەولقادر بووم.ئەم کتێبەی نێو کتێبخانەکەم هاوڕێی میدیاکارم" ئارام مستۆفی" بە ئەمانەت لێی وەرگرتم و بەداخەوە ئیدی کتێبەکەم هەر نەبینییەوە و ئێستا لای ئەو ئازیزەیە.

گەلێک یادەوەرییم لە تەک مامۆستا حەمەدەمین هەورامانیدا هەیە کە بۆ ئەوەی لە بیر نەچنەوە، پێویستە بنووسرێنەوە.

یەک لەو یادەوەرییانە،خوێندنەوەی یەک و دوو شێعرێک بۆ مامۆستا بوو کە یەکەمیان شێعرێکی نوێ بوو و ڕووی لە زارۆکێکی بۆسنیایی بوو کە مامۆستا دەیگوت، برا،ئێمەی کورد گەرەک لەسەر خۆمان بنووسین و پێنووسەکەمان زێتر بخەینە خزمەت زمان و کولتووری خۆمان. شێعرەکەی دی ،شێعرێکی کلاسیک بوو بە ناوی "بێوەفا یار"کە بۆم خوێندەوە،یەکسەر وتی،ئەم شێعرەت بۆ گۆرانی جوانە.

دواتر ئەم پێوەندییە هەر بەردەوام بوو هەتا جارێکی دی لە تاران و ئەمجار لە خودی ڕادیۆ ،بە دیداری یەکدی شاد بووینەوە. مامۆستا حەمەدەمین هەورامانی زنجیرە بەرنامەیەکی لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کورد بە خامەی خۆی نووسیبوو و پێی خۆش بوو لە ڕادیۆ کوردیی تارانەوە بڵاو ببنەوە. منیش بەرنامەکانم برد بۆ لای کابرای بەڕێوەبەری ئەو دەمی ڕادیۆ کە "ئەردەشێر زابلی زادە"ی فارس بوو و باسم لە ناوەڕۆکی زەنگینی بەرنامەکان کرد کە بە شێوەی تێکستی ڕادیۆیی نووسرابوون. چونکە مامۆستا خاوەنی ئەزموونی ئیشکردن لە نێو ڕادیۆی کوردیی بەغا بوو بوو.بەڕێوەبەری ڕادیۆ وتی، باشە و بە ئەوەندە هەزار لێی وەردەگرین کە لە چاو پێنووسە بەپێزەکەی مامۆستا و تێکستەکان،پارەیەکی زۆر کەم بوو. دواتر کە بەسەرهاتەکەم بۆ مامۆستا حەمەدەمین گێرایەوە، پارەکەی زۆر پێ هیچ بوو هەر بۆیە لە پێشنیازەکەی پەژیوان بووەوە.

بۆ مێژوو پێویستە بنووسرێت کە ئەو دەمانەی مامۆستا حەمەدەمین هەورامانی لە ناوچەی هەورامان و شاری پاوە دادەنیشت،لە لایەن خەڵکانی فەرهەنگدۆستی ئەم ناوەوە ڕێزێکی فرەی لێ دەنرا،بەتایبەت ماوەیەکی فرە لە گوندی "خانەگا"ی پەنا شاری پاوە،لەماڵی کەسایەتی ناسراوی هەورامان" عیززەت بەگی لهۆنی" بوو و ژوورێکی تایبەتی بۆ ئامادە کرابوو؛ هەروەها لە شاری پاوەدا نووسەر و توێژەری ناوئاشنای هەورامانی "محەممەدڕەشید ئەمینی" بەوپەڕی سینگفرەوانییەوە لە ماڵەکەی خۆی باوەشی میهری بۆ کردبووەوە و تا ئەو دەمەی لە پاوە بوو، خاکەڕایانە خزمەتی کرد. من بۆ خۆم چەند جارێک لە ماڵی محەممەدڕەشید ئەمینی سەری مامۆستام دابوو. دواتر مامۆستا ڕووی لە سنە نا و ماوەیەک لە زانستگەی سنە بوو بە مامۆستا و دەستی دایە وانەوتنەوە. هەر لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵەیش بدرێت کە ڕێنماییەکانی مامۆستا حەمەدەمین هەورامانی و گوێزتنەوەی ئەزموونە زانستییەکانی لە بواری نووسین و توێژینەوەدا دواتر بوو بە چرا بۆ زۆر نووسەر و توێژەری هەورامانی تا پتر ئاوڕ لە مێژوو،زمان و تۆرەی کوردی لە ناوچەی هەورامان بدەنەوە و نها دەرەنجامەکانی ئەو هەوڵەیش بە ڕوونی دەبینرێن. پاش ئەم گشت ساڵانە،مامۆستا حەمەدەمین هەورامانی ڕووی لە ئەورووپا نا و ساڵانێک لە وڵاتی سویسرا بوو. تا ئەو دەمەیش هەر بە تەلەفۆن لە پێوەندییدا بووین و چەند جارێک لە ڕادیۆوە تەلەفۆنم بۆ کرد و لەسەر ئەدەب و وێژەی هەورامان قسەم لەگەڵدا کرد. ئیدی بەداخەوە پاش ئەم ساڵانە پێوەندییەکە وەک جاران نەما و تەنێ لەم و لەو،پەیجۆری حاڵی دەبووم کە بۆ هەمیشە گەڕابووەوە کوردستان.

### حەمەدەمین هەورامانی وەک خۆی

با لە زمان خودی خۆیەوە(مامۆستا حەمەدەمین هەورامانی) پتر ئاشنا بەم توێژەر و نووسەرە کوردە بین. مامۆستا حەمەدەمین هەورامانی لە کتێبی "مێژووی هەورامان"دا سەبارەت بە خۆی دەنووسێت: " ناوی محەممەدئەمینە و بە (حەمەمین هەورامانی)،ناوبانگی ئەدەبیی دەرکردووە،لە "بیارە"،لە دایک بووە. لە بیارە قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە و ئەوجا،یەکسەر چووەتە سلێمانی".

حەمەدەمین هەورامانی ،دواتر لە کەرکووک خولی مامۆستایەتی کۆتایی پێ دێنێت و پاشانیش دەبێتە مامۆستای سەرەتایی و لە بیارە،هاوار،عەنەب،هەڵەبجە،سلێمانی،دووکان و گەلێک شوێنی دیکە مامۆستای قوتابخانان دەبێت. دواتر ڕوو لە زانستگەی "موستەنسەرییە"ی بەغا دەنێت و بەشی زمانی ئینگلیزی کۆتایی پێ دێنێت. لە وەزارەتی ڕاگەیاندن دەبێتە سەرۆکی بەشی وەرگێران و پاش ئەوەیش، سەرۆکی بەشی ڕۆشنبیریی لە ئێزگەی کوردی. ئیتر وتار و نووسینەکانی لە گۆڤار و بڵاڤۆکە کوردیی و عەرەبییەکاندا بڵاو دەبنەوە.

مامۆستا ،ئەندامی یەکێتیی نووسەران و یەکێتیی ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردییش دەبێت. جگە لە شارەزایەتی لەسەر زار و بنزارەکانی زمانی کوردی،زمانەکانی عەرەبیی و ئینگلیزییش دەزانێت.

شیاوی ئیشارەت پێدانە کە حەمەدەمین هەورامانی، ساڵی ١٩٢٨ لە "ئاڵیاوا" لەدایک دەبێت.

مخابن ئەم مرۆ نازەنینە ڕۆژی هەینی، ٢ی سەرماوەزی ٢٧١٨(٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨)لە تەمەنی ٩٠ و لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی لە بیارەدا بۆ هەمیشە لە نێو خاکی نیشتماندا ستار دەگرێت.

## ئەنجام

ڕاستیت گەرەکە کەس نییە حاشا لە ڕۆڵ و دەوری ڕۆشنگەرانەی نووسەر و ڕووناکبیرانی وەک حەمەی حەمە باقی،دوکتۆر حەمەدەمین هەورامانی،حەکیم مەلا ساڵح و دەیان سیمای پرشنگداری تری باشوور لە ڕۆژهەڵاتدا بکات. مانەوەی ئەم ڕووناکبیرانە، بزاڤی چاندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی چەند هەنگاوێک بەرەو پێشەوە پاڵ پێوە نا.

دوکتۆر حەمەدەمین هەورامانی پێنووسێکی بەپێزی نێو ڕووبەری چاندیی کوردانە و خاوەنی نزیکەی ٣٠ پەرتووکی گرانباییە کە بەشێکیان لەسەر زمان و بەشێکی دیکەیشیان سەبارەت بە ئایینی کوردان و مێژوو،جوگرافیا و تورە و وێژەی هەورامانن.

نووسەری خامە ڕەنگین "کامەران سوبحان" لە کورتە نووسینێکدا لە بن سەردێڕی "فەرهەنگێکی مەزنی زمان، گەڕایەوە بۆ ناو خاک!"،ئیشارەت دەداتە گەورەیی ئەم کەسایەتییە کوردە و دەنووسێت: "نیو سەدە زیاترە، بە بێدەنگیی و دوور لە چاوی خوێنەر و خەڵک، لەگەڵ خۆی و زمان و مێژووی کورددا کار دەکات. لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی کارکردنی، زیاتر لە ٢٠ هەزار لاپەڕەی چاپکراو و نزیکەی ٣٠ کتێبی لە کتێبخانەی کوردییدا هەیە. کتێب و نووسینەکانی زۆربەیان لە چوارچێوەی زمان و فەرهەنگ و مێژوودان. بەتایبەتیش زمان و مێژووی کۆنی کورد و ئاڤێستایی".

کامەران سوبحان هەروەها دەنووسێت: "لە هەموو ئەو کتێب و بەرهەمانەیدا، دوو کتێبیی بۆ من زۆر گرنگ و پڕ بایەخ بوو. یەکەمیان، بەرگەکانی مێژووی هەورامان. دووەمیان(فەرهەنگی ئاریانڤاج- سێ بەرگ)، ئەم فەرهەنگە سێ بەرگییە، لە نزیکەی ٢ هەزار لاپەڕەدا، هەزاران وشەی کۆن و نوێی کوردیی و ئاڤێستایی بەراورد کردووە.(ئاریانڤاج)لە کتێبخانەکەمدا، هەمیشە بەرانبەر بە خۆم بوو".

مێژووی هەورامان، بەرهەمێکی ناوازە و زەنگینی ئەم نووسەر و توێژەرە کوردەیە کە خاوەنی بایەخ و سەنگێکی تایبەتە و زۆر دیوی شاراوەی ڕووداو و بویەرە جۆربەجۆرەکانی دوێنێی هەورامان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات. مێژوونووس گەرەک ڕاستییەکان وەک خۆی بنووسێتەوە و خۆ لە حەز و سەلیقەی تاکەکەسی دوور بگرێت و ڕووپەڕێک دوور لە ڕاستی، ئاوێتەی بەرهەم و کتێبەکەی نەکات کە دواتر لێی پەژیوان ببێتەوە و لە ڕەوش و دۆخێکی تایبەتدا لەبەر چاری ناچار دێڕێک یان چەند لاپەڕەیەک لەسەر کەسێک یان لایەنێک بنووسێت کە دوور لە ڕاستی بێت. ئەم بەرهەمەی دوکتۆر حەمەدەمین هەورامانی گەلێک ڕەخنەیشی لەسەرە و ئەم نووسەر و توێژەر چەندان ڕووپەڕ لە بەرهەمە بەپێزەکەی تەرخان دەدات بە چەند کەسێک کە دواتر لە نووسینەکەی خۆی لەسەر وان،پەژیوان دەبێتەوە و لە کەشێکی کراوە و ئازاددا ئەو پرسە بە زماندا دێنێت. ئومێدە نزیکانی مامۆستا بۆ چاپەکانی داهاتوو ڕەچاوی ئەم پرسە گرینگە بکەن و هەڵەکان ڕاست بکەنەوە و واقیع و ڕاستییەکان وەک خۆ بخەنە بەر دیدەی خوێنەر نە وەک سبەی لەبەردەم ڕای گشتیی و نەوەی داهاتوودا وەبەر تیر و توانج بکەوێت کە بۆچ مامۆستا ڕاستییەکانی وەک خۆی نەنووسیوەتەوە و بێلایەن نەبووە؟!

**ژێدەرەکان:**


- مێژووی هەورامان،محەممەدئەمین هەورامانی،بەرگی یەکەم و دووەم،چاپی یەکەم،١٣٨٠ی هەتاویی(٢٠٠٠)،پەخشکاری بەڵخ،تاران
- فەرهەنگی ئاریانڤاچ،نووسینی:د.هەورامانی،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،ساڵی ٢٠٠٨،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر
- گوڵزاری هەورامان،بەرگی یەکەم،محەممەدئەمین هەورامانی بە یارمەتیی محەممەدڕەشید ئەمینی،بڵاوکراوەی ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٤
- نووسینێکی کامەران سوبحان کە لە ڕووپەڕەکەی ئەم نووسەرە لە فەیسبووک وەرگیراوە.
- 


